# " ئەدەبی ژنان"   هەر ئەوە مابوو



هەندرێن حەمەدەمین
Handren88@hotmail.com

وا دیارە رۆشەنیرانی کورد بەو هەموو ئەو جیاوازیەی خراوەتە نێوان ژن و پیاو هەستیان بە سەرگەردانی خۆیان و مللەتەکەیان نەکردووە، بۆیە ماوەیەکە بە شێوازی جیا کار بۆ ئەوە ئەکرێت کە لە ئەدەبیشە ژنان لە پیاوان جیابکرێنەوە بە ناوی "ئەدەبی ژنان" .
ئەم تێگەیشتنە بە شێوەیەکی بێئاگایانەوە بێت یان بەشێک بێت لە پیلانی ئەو عەقلیەتانەی کە ساڵەهای ساڵە کار بۆ جیاکردنەوەی ژنان و پیاوان ئەکەن لە هەوو بوارەکانی ژیان ئەمەش خزمەتێکیترە بۆ درێژە پێدانی ئەو لە یەکتر ترازاندنەی ژنان و پیاوان، ئەوانەی بە شێوەی بەرنامەی دارێژراو کار بۆ ئەم جیابوونەوە ئەکەن ئەزانن قازانجەکانی خۆیان لە کوێندەرە، بەڵام ئەوانەی بەبێ ئاگایانە ئەکەونە ئەم تەپڵ لێدانە بە تایبەت لە ژێر ناوی مافی ژنان ئەوا تەنها سەرلێشێواو و گومڕان و نازانن بەرژەوەندیەکانی خۆیان لە کوێندەرە.
هیچ کاتێک ناتوانن پیاوان بەبێ ژنان وە ژنان بەبێ پیاوان خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی مرۆڤ بکەن، هەر بۆیەش دەسەلاتداران بە بەردەوام ئەکەونە ئەوەی کە کەلێن لە نێوان ژن و پیاو بە شێوەیەک بەرفرەوان بکەن کە هەرچی پردی بەیەکتر گەیشتنە لە نێوانیاندا نەمێنێت چگە لەم پردانەی کە خۆیان دروستی ئەکەن بە ناوی مافەکانی ژنان ،وە خۆیان بڕیاری ئەوە ئەدەن کە کێ بۆی هەیە بەسەر ئەم بردەدا گوزەر بکات و کێ بۆی نیە.
رێکخراوەکانی ژنان گەورەترین بەندیخانەن کە تیایدا ژن بە ناوی مافی ژنانەوە بەند و دەستبەسەر ئەکرێن،



چونکە رێکخراوی ژنان دانپیانانە لەلایەن ژنانەوە کە ژن مرۆڤی پلە دووە، ئەبێ وەک قوتابیان و لاوان بە قۆناغەکانی ئامادەکردن تێپەڕ بێت تا بگات بە ئاستی پیاو، ئەم قۆناغانەش کە خۆیان لە رێکخراوەکانی ژنان ئەدۆزنەوە، ژنان تیایدا پەروەردە ئەکرێن بۆ بوونیان بە پیاو، هەر ژنێک توانی ئەم قۆناغانە

بەسەرکەوتووی ببڕێت لە تاقیکردنەوەکانی پیاوانە بە پلەی بەرز دەربچێت ئەوا ڕێگای ئەوەی پێئەدرێت کە بێتە ناو کاری حیزبی و،و،و،و،و، ،و، تادوایی. واتە حزب ڕێکخراوی پیاوانە !!! .
بە هەمان شێوە ئەبێنین ڕۆشەنبیرانی کورد تا ئێستا شتێکیان ناو نەناوە بە ناوی ئەدەبی پیاوان، بەلکو هەموو ئەو ئەدەبەی کە هەیە بە ناوی ئەدەبی نەتەوەیی یان نشتمانی یان ملی ناوی ئەبەن، وەک ئەوەی نەتەوە و نیشتمان و مللەت لە ژنان پێک نێت بۆیە پێویستە ئەدەبی ژنان هەبێت !!!!!!. یان وەک ئەوەی کە ژنان بەشێک نەبن لە ئەدەبی نەتەوەیی و نشتمانی، لێرەدا بە ئاشکرا دیارە کە بە ئاگا و بەبێ ئاگا ئەوەی لە ژنان و پیاوان بانگهێشتەی ئەدەبی ژنان ئەکەن بانگهێشتەی ئەوە ئەکەن کە ئەدەبی نەتەوەیی و نیشتمانی و ملی تەنها ئەدەبی پیاوانە .
ئەبێ ژن و پیاوانی ڕۆشەنبیر و پێشکەوتووخواز لەوە بە ئاگا بێنەوە کە لەیەکتر جیاکردنەوەیان لە ژێر هەر ناوێک بێت کۆسپ و تەگەرەیەکە بۆ هەول و خەباتی مرۆیانە کە بتواندرێت تیادا مافەکانی مرۆڤ دەستەبەر بکرێت بەبێ هیچ جیاوازیەک .
پەراوێزکردنی ژنان لە ئەدەبی کوردی بەناوی ئەدەبی ژنانەوە، لەم عەقلیەتە سەرچاوە ئەگرێت کە پێیوایە پیاو واتە مرۆڤ، دوای ئەوە دێتە سەر ئەوەی کە مرۆڤیش واتە پیاو و ژن، ئەمەش وا ئەگەینێت کە ژن بەشێکە لە پیاو وەک چۆن لە هەندێک بیر و باوڕە کۆنەکان و لە هەندێک لە دینەکاندا هاتووە کە ژن لە بەشێکی پیاو دروست بووە، ئەم عەقلیەتەش کە لە پیاواندا هەیە لە دوو ڕوانگەوە سەرچاوە ئەگرێت یان خۆ سەپاندن یان چەواشەیی، بەلام لە ژناندا یان لە ئەنجامی خۆ بەکەمزانین یان لە چەواشەیی.
بەلام ئەو پیاوانەی کە بە دوای ئازادیەکانی خۆیاندا ئەگەڕێن، ئەو ئازادیەی کە لە بەشە تەواوکەرەکەی خۆیاندا ئەیدۆزنەوە ئەویش ژنە، وە ئەو ژنانەی کە بە دوای ئازادی خۆیاندا ئەگەڕێن، ئەو ئازادیەی کە لە تەواوکەرەکەی خۆیاندا ئەیدۆزنەوەئەویش پیاوە، ئەوا ئەو ژن و پیاوانە کار بۆ شکاندنی هەموو ئەو سنورانە ئەکەن کە لە نێوان ژن و پیاودا دروست کراوە، داخەکەش ئەلێرەیە کە ئەمڕۆ کەسانێکی بەناو ڕۆشەنبیر و پێشکەوتووخواز لە ژنان و پیاوانی کورد ئەیانەوێت کەلێنێکیتر لەیەکتر ترازانێکیتر لە نێوان ژن و پیاوان دروست بکەن بە ناوی ئەدەبی ژنان کە ببێتە زەمینەی سەنگەر لەیەکتر گرتنی ژنان و پیاوانی سادە و بکەونە دژیایەتی یەکتر و هەر لایەنەی ئەوەیتر تاوانبار بکات، لە هەمان کاتدا ئەوە هەلێکی زۆر باش ئەبێت بۆ عەقلیەتی حیزبی دواکەوتوو لە کوردستاندا کە سوود لەم بەربەرەکانیە ببینێت وەک ئەوەی کە سوودی لێی بینیوە بە هاندانی ژنانێک دژ بە پیاوان و پیاوانێک دژ بە ژنان، کارەساتە کە گوێبیستی پیاوێک ئەبیت بە ناوی کەسێکی ڕۆشەنبیر هەموو ژنان بەیەکەوە تاوانبار ئەکات و پێی وایە کە دەبێ هەر پاشکۆی پیاو بن، یان کە ژنێک بە ناوی ڕۆشەنبیریەوە سەنگەر لە پیاو ئەگرێت و پێی وایە پیاوان هەموویان تاوانبارن، لە ڕاستیدا ئەم جۆرە ژن و پیاوانە تاوانبارن کە بە هەر شێوەیەک و بە هەر ناوێک جیاوازی بخەنە نێوان ژنان و پیاوان.



ژن و پیاو تەواوکەری یەکترن هیچ یێکێکیان بەبێ ئەوەیتر مانای نیە .

١١ی٢ی٢٠٠٧